# له پشتی ئەو شاخانەوە هەمیشە شەرواڵ لە پێ دێن !!

بۆتان تەحسین

ڕۆژنامەی "میللیەت"ی تورکی لەڕۆژی ١٦/٤/ ٢٠٠٣ دەقی حیوارێکی نێوان بوڵند ئەجویدی سەرۆکی پارتی چەپی دیموکراتی تورکیای لەگەڵ مەتین قەرە ئاڵتونی سەرۆکی گروپی پشتیوانی تورکمانەکانی عێراقی بڵاْوکردۆتەوە و ماڵپەڕی کوردستان نێتیش وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، لە پەرەگرافێکدا قەرە ئاڵتون لە بەرامبەر ئەجویدی مامۆستای تۆرانیەتدا دانەویوە و دەڵێ:" ئێوە گوێتان بە ئەمریکا و بەریتانیا نەدا و قوبرستان ڕزگار کرد، ئەدی ئێمە کێ ڕزگارمان دەکات ؟چەندین ساڵە تەماشای ئەو شاخانە دەکەین و دەڵێین داخۆ کەی ئەم سوپای تورکە دێت. کەچی بەداخەوە لە پشت ئەو شاخانەوە مرۆڤی تری شەرواڵ لەپێ هاتن". لەوانەیە ئەم چەند ووشەیە لە شێوازی دەربڕیندا سادە وروو کەش و بازاڕی بێت بەڵاْم لە دەنگدانەوە و لەرەلەری ئەودیودا وردکردنەوەی بینینی تورکە بۆ کوردبوون.

مۆسیقای دەستەواژەکەی (کاکی قەرە) هێندەی لە پەیڤینی نەشازی نێوان دوو ئەهریمەنی دۆڕاوی نێو درامایەکی تراژیدی نزیکە، هێندە لە گفتوگۆیەکی سیاسی ئەم سەردەمە ناچێت، نەفەسی قسەکردنیان هێشتا هی زەمەنی سوڵتانەکانی باپیرە گەورەیانە کە مەگەر هەر لە مۆزخانانەکانی مێژوودا وەك هێمای گەمژەیی و دوالیزم و گەندەڵیی ناویان بێ. قەرە ش لە کلتوری تیرەکەی بێ خەبەرە و نازانێ کە لە دوێنێ و ئەمرۆ و سبەینێشدا لە پشتی ئەو شاخانەوە هەر شەرواڵ لەپێ هەبون و هەر ئەوانیش دێن،

بە دوورایی بەر لە مێژوو شاخستانی ئێرە هەر مەکۆی شەرواڵ لە پێیان بوە، داستانەکانی ڕووبەڕوونەوەی لەشکر کێشی ئەسکەندەر و تۆمارەکەی زەینەفۆن شکستەکەی سوپای داریۆش شایەد حاڵن کە ئەو وەختەی کورد لەوڵاْتی شاخان بووە تیرەی ئەوان هێشتا لە مەنگۆلستان ناویان نە بوو، لەشۆڕشەکەی ئاگری داغ دا شەرواڵ لەپێ لە دەگژ ڕاچوونی تورکاندا پێش هەموو کارێك ڕیشی خۆیان دەتاشی بەقەولی ئیحسان نوری پاشا وەك مامۆستا هەژار لە شەرفنامە لە سەر زاری ئەو دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"شۆڕشگێرانی ئاگری داغ سمێڵیان قیت بادەدا وتاوێکی باش بە خۆ دادەهاتن و دەیانگوت :ئەگەر کیژە کورد سەری بڕاومان بە سەردارانەوە ببینن با جوان و لەبار و بەرچاو بین وحەزمان لێ بکەن و بێزمان لێ نەکەن. "

بەڵێ قەرە گیان دەبێ چاك بزانی شەرواڵ لەپێ کێن؟ ولەکوێ دەژین؟

چونکە شەرواڵ لە وڵاْتی شاخستاندا واتا و ماناگەلی زۆری هەیە، ئەگەر شەرواڵ لەپێ هێمای ئازایەتی و جوامێری ڕاستگۆیی و داوێن پاکی و کەرامەت بەرزی ونیشتیمان پەروەری و کردەوەی ئابڕوومەندانە و خاوێنی شیر و پەیوەستبونی خاك و دەربڕی مرۆڤدۆستی پێکەوە ژیان بێت، ئەوا لە بەرامبەردا بێ شەرواڵی هێمایە بۆ نامەردبوون و خیانەت و ترسنۆکی وبێ ئابڕویی و داوێن پیسی و خاکفرۆشی وناپاکی شیر و سەرشۆری و ملکەچ بوون و نا پیاوەتی.

هەر بۆیە بێ شەرواڵاْن بەم خاکە نامۆن و دەبێ بار کەن و بڕۆنەوە مەملەکەتی بێشەرواڵی، تا ئەو کاتەی دەبنە خاوەنی شەرواڵ و ئەوسا زاتی گەڕانەوە بۆ وڵاْتی شاخستان بکەن.

Botandargala@yahoo.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.